

# شین وەک چاوەکانی ئەو

**ئەدیب نادر**
**(بریتانیا)**

ئەمااااان.... ئەمااااان لە دەردی دووووووورییییییییی.

ئەم گوزارەیە زۆر بە تێفکرینەکانم ئاوێتەیە، ڕۆژانە هەزاران کەڕەت گەرووم بەجێ دەهێڵێت و دەبێتە درووود لە سەر لێوە بەبارەکانم، لەوەتەی سەرم هەڵگرتووە، یان بەجێتر ئەوەیە بڵێم لەوەتەی هەڵاتووم، بە وێنەی سەردێڕی گۆرانییەک، لە قووڵاییەکانی ناخمەوە، لەوێوە نەک لە زارمەوە، دزە دەکاتە ناو ترپەکانی دڵم، ئەو دڵەی پاش ئەو، بۆ خۆی نابینایی هەڵبژارد و ئاواتی بەو گەیشتنی لە ناواخنە بێ بنەکانی خۆیدا خامۆش نەکردەوە، بۆیە چرای ئەو ئاواتە هەر ڕۆشنە و گەشی بە چاوەکانم دەبەخشێ و...

ئەمااااان...هەر لەو ساتەوەختەوەی کە هاتوومەتە ئەم شارە دوورەدەستەوە، جادەکان لەدەست هەنگاوە بێ ئارامەکانم وەڕس بوونە. لە بەردەم هەموو کۆگایەکی جل فرۆشیدا، شتێک هەڵوەستەم پێ دەکات و کەسیرە دەبم، لەوانەیە تەنها و تەنها عاشقەکان بزانن ئەو شتە چییە، لەو باوەڕەدام کە بێجگە لەوان کەس پەی پێ نابات. ئەوەتا ئێستاکە دار ئاسا لەبەردەم یەکێک لەو جل فرۆشییانەی پیاواندا چەقیوم، ئەگەرچی نرخی چاکەتەکانی ئێرە بە گوێرەی من نین، بەڵام خۆ من بە تەمای کڕینی پۆشاکی گرانبەها نیم، تەنانەت بەتەما نیم هیچ شتێکیش بکڕم، مەسەلەکە هەر ئەوەیە کە هەمیشە چاکەتی موغازەکان ئێستم پێ دەگرن و دەمخەنە ژێر کاریگەریی ئەفسوونێکی لەمێژینەوە، ئەفسوونی ڕابوردوویەکی وێران، سەرباری وێرانییەکەشی، کەچی ڕەهەندەکانی دیکەی کاتی لە لامدا تەفروتوونا کردووە و یەک ڕەهەند بەجێی هێشتووم. ئەفسوونێک کە دەم بەش دەکاتەوە بە دەستی ڕاستەم دەڵێ بجووڵێ، کتوپڕ ئانیشکم ڕاست دەبێتەوە، دەستم ڕادەکشێ، زۆر سەیرە، جامەکە بەبێ ئەوەی قرنجەی لێوە بێت، ڕێگا بۆ پەنجەکانم

خۆش دەكات و ئانوسات لە گیرفانی چەپەی چاكەتێكدا دیار نامێنێت، دیارنەمانی چەند چركەساتێك دەخایەنێت، كە دەردەكەوێتەوە، پارچە كاغەزێكی پێیە، كە دەیكەمەوە، نامەیەكی كورتی جفرەئاسایە، دەزانم تەنها یەك شت تەلیسمەكەی ناوی دەشكێنێ، یەك شت، كە پێشوەخت بڕیاری لەسەر دراوە، كەچی دواخراوە، دواخراوە، چونكە ئاشكرایە كە دووریی ئەو، لە نێلە نێڵی خۆیدا هەڵم دەقرچێنێ، لە گڕوبڵێسەی خۆیدا دەمكات بە مشتێ گەرد و خۆڵی ناچیز و سورگومی نێو دنیای پەرشوبڵاوم دەكات. بەڵێ دواخراوە، ئەمااااان... دواخراوە، چونكە ئەوانەی دوایان خستووە، دەزانن دواخستنی دینۆم دەكات، دەمبە داروپەردوو، دەمبە شوێنێكی لە شەڕ بەجێماو، بەڵام من دەزانم ئەوانە چییان دەوێ، پێم وابێ دەیانەوێ سایلی كەوێك، بە كەوێكی دی بە تەڵەوەم بكەن، بەڵێ، گەرەكیانە خۆم بەرەوپیری ئەو شتە بچم..ئەو شتەی بەوم دەگەیەنێ و تەنیایی و دووریم لێ دەتەكێنێت و ڕەوانەی جاویدانیم دەكات. كۆتایی بە مردنێكی بەردەوام دەهێنێت و وەك مەلێكی هەڵفڕیو ڕەها دەبم، بەڵام.. ئەوەی من لێی حاڵی نابم ئەوەیە كە بۆچی تا ئێستاكە نەهاتوون ئەو تەنیاییە بسڕنەوە و ئەو تراویلكەی دوورییەیش بخەنە ژێر سێبەری ئەو شتەوە و ڕەوانەی لای ئەوم بكەن؟

ئەمااااااان ئەمااااان لە دەردی دووریییییی.

نامەكە. پیتە سەیروسەمەرەكانی لە نێو لەپمدا ختووكەی قامكە ئابڵوقەدەرەكانم دەدەن، تیشكێكی ناوازە لێیانەوە سەر دەكات، دەڵێی ئەو ئاگربازی و فیشەكە شێتانەیە كە لە ئاسمانی وڵاتە دوورەكان، لە ئێوارەی بۆنەكاندا بەرهەڵدای ئاسۆ دەكرێن و لەسەر تەوێڵیدا دەبنە جوانترین ڕستە.. ئەو ڕستانەی ژیان لەپێناوی شتگەلی دی بێ بایەخ و ناچیز دەكەن و ترپەكان هەڵپەی ئەوەیان دەبێت خامۆش ببنەوە، تا ئەو شتگەلانە، كە زۆرجار دەتوانن بلێن جمكی ژیانن، بایەخ پەیدا بكەن.

بەهەرحاڵ

نامەكە نامەیەكی تەلەگرافییە، نا لە تەلەگرافیش كورتترە، تەنانەت لە تاقە ڕستەیەك پێكهاتووە و بەدەستی ئەو نووسراوە و دەڵێت: داهۆڵەكە دەیەوێ بتبینێ. ئەم چەند وشەیە، ئەو سێ ساڵەی زەمەن لێی فڕاندووم، بۆمی دەگێڕێتەوە، بێ گومان هەمیشە ئەوەم زانیوە كە زەمەن دزێكی بێ هاوتایە، هەموو شتێك دەدزێت، تەنها و تەنها خۆشەویستی نەبێت! بۆیە منیش تا ئێستا چاوەڕوانی گەیشتنم بەو، چونكە ئەم چاوەڕوانییە تاقە ئۆخژنێكە، تاقە میوەیەكە، هێشتا درەختی ژیانم پەیدەرپەی دەیگرێت و ناهێڵێت ئومێد وشك بكات، بەڵام عاشقەكان دەزانن چاوەڕوانیی بێ كۆتا چۆن ناخ دەتوێنێتەوە و هەلاهەلا بەجێی دەهێڵێت.

ئەو سێ وشەیە دەمبەنەوە بەردەم داهۆڵەكە..

داهۆڵەكە خاچێك بوو، هەندێ جلوبەرگی هاكەزایی تێ هەڵكێشرابوو، كراسێكی خانەخانەی شین و چاكەتێكی بۆریشی كرابووە بەر و كڵاوێكیشی لەسەر نرابوو، دەق وەك ئەو كڵاوانەی پیاوە تەوقەسەر ڕووتاوەكان لەسەری دەنێن. ئەو دەستانەی چێیان كردبوو، چەشەیەكی هونەریی باڵایان هەبوو، چوون پەیكەرێكی نایاب ڕێكیان خستبوو، هەر تەنها من و ئەو تەماشاكەر و كەسی ئەو نەبووین، بەڵكو ئەو، وەك كیژە جوانەكانی نێو ئەفسانەكانی داپیرەم وابوو، سەرجەم باڵندە و ئاژەڵە كێوییەكانیشی دەساژۆ كردبوو، هەر كە ئەویان دەبینی لە نزیك داهۆڵەكەدایە، لەدەوری كۆدەبوونەوە، ئیدی هێواش هێواش ترس و سڵی باڵندەكانی لەو پەیكەرە زەبەللاحە داماڵی و ورده ورده ڕاهاتن، لێی نەپرینگێنەوە، بەڵام ئەو بەرەبەیانییەی دوای ڕاكردنمان نە ڕەنگیان ما نە دەنگیان، نەمزانی چییان لێ هات، بۆ دیار نەمان؟ ئەگەر بهاتبان، تەنها ئەگەر بهاتبان، لەوانە بوو ئێستا ئەو لێرە بووایە.

ئەمااااان لە دەردی دووریییییییی..

ئەو داهۆڵە نهێنی پارێزی ئێمە بوو، ئەگەرچیش بۆ سڵەماندنەوە و تاراندنی باڵندەكان دانرابوو، كەچی ئەوەندە جوان و ناوازە بوو، هەمیشە باڵندەكان لە سەر شانە پانوپۆڕەكانیدا دەنیشتنەوە و خاترجەمانە دەیانجریواند و جاروباریش هەڵدەفرینە بەردەمی و بە بێ ترس لە كێڵگەكەدا چینەیان دەكرد..ئێمە و باڵندەكان ئەومان خۆش دەویست.. ڕاستییەكەی ئەو پێشنیاری ئەوەی بۆ كردم كە بە یارمەتی ئەم داهۆڵە میهرەبانە و بەبێ ئەوەی كەس پێی بزانێت و هەستی پێ بكات نامەكانمان بگۆڕینەوە، ئیدی پاش ئەوەی چەند جارێك

تاقیمان کردەوە نهێنی پارێزیی ئەومان بۆ دەرکەوت و بە یەکجاریی بە پشتوپەنای خۆمانمان دانا.

ئەمااااان ئەم نامەیەی کە ئێستاکە لەبەردەمی ئەم کۆگایەدا خوێندمەوە، ئەو مەودایانەی چی سپێتی دنیا هەیە لەسەری مندا کۆیان کردووەتەوە و لە میانی ئێستا و ئەوسادا جێگیر بوونە، دەسڕێتەوە و گەنج گەنج دەبمەوە، دڵم پڕاوپڕ دەبێ لەو خورپە و ترپانەی لە سۆراغی جاویدانیدان، کە دەیانەوێ تاهەتایە بخورپێن و بترپێن و هەرگیز لە جوولە جووڵ نەکەون.. داهۆڵەکە میهرەبانانە لێ دەگەڕێ گیرفانی بپشکنم، نامەکە دەربێنم کە تێیدا نووسراوە: سەربووردەییەکەی من و تۆ کەوتووەتە سەر هەموو زارێک و بووە بە میوانی هەموو دیارێک.. بەکراغا لە ئیرەییاندا پیاوەکانی ناردووەتە وێزەی باوکم، مرخی لێ خۆش کردووم، سبەینێ بۆ..دێنەوە..ئیدی کاتەکەمان بۆتە لم و لە مابێنی ئەنگووستەکانی قەدەرمانەوە کەوتووەتە دزە کردن، ڕوح دەستەمۆی خۆتە، جەستەم بەجێ مەهێڵە، ئەمشەو لە نیوەیدا چاوەڕوانی هاتنت دەبم، ئەگەر نەیەیت هاوبەش دەبیت لە.

دوازدە سەعات هاودەمی بیرکردنەوەکانی خۆم بووم، ئەستەم بوو، لە ئەستەمیش ئەستەمتر بوو، بەڵام ئەگەر لە کوشتنی ئەو هاوبەش بوومایە، داخۆ نەدەبوومە بکوژی خۆیشم؟ چونکە بە لەدەستدانی ئەو، بەدەستی خۆم، ژیانی خۆیشم لەناو دەبرد! دەمزانی ترسێکی زۆر گەمارۆی داوین و زۆریشم ئەوە بیستبوو کە خۆشەویستیی گشت تخووبەکان بە مرۆ دەبەزێنێ، وەلێ، ئەگەرچی سنوورەکانی لەلای مندا نەبەزاند، کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا بەو هەموو سنوورانەشەوە، نیوە شەو کەوتمەڕێ. لەلایەک خوڕە خوڕی چەمەکە، لەلایەک تریفەی مانگ، لەلایەک حەپەحەپی دوور، لەلایەک مڵچەمڵچی گاوگۆتاڵ و کاوێژی ئاژەڵان، لەلایەک حیلەحیلی چارەوییەکان، وەک چەتر کۆمەڵە سێبەرێکی تۆخیان بەسەر دەروونمدا هەڵدەدا. لەوێ زۆر ماتڵ نەبووم، ئەو حازر بوو، بوخچەیەکی قورسی بۆ فڕێ دام و چەند چرکەساتێک ڕابورد، وەک تارمایی نێو تەم، سکێچی جەستەی تۆخ بووەوە و نزیک کەوتەوە. لە نێو ئەو هەموو سنوورەی کە ناخمی پارچە پارچە دەکرد، ئەو تاقە ئامبازبوونە خێرایەی هیچ شتێک وەسفی ناداتەوە، تەنها ئەوە نەبێ کە مردنێکی پێ حەڵاڵ دەکردم، زیادەڕەوی ناکەم کە دەڵێم مردنێک، چونکە مردنێک هەر هیچ نەبوو هەمبەر بەو ئاوێزانییە لەوەسف نەهاتووە.

ئەمااااان لە دەردی دوورییییییی.

ڕۆیشتین.. لەو شوێنانە خۆمان پاراست کە بەر تریفەی مانگ دەکەوتن. دوورکەوتینەوە، دوورکەوتینەوە، هیچ بەرنامەیەکمان بۆ ئەم پڕکێشییە ناکاوە دانەنابوو، پاش چەند سەعاتێک، لە ژێر شۆڕەبییەکدا پشوویەکی کورتمان دا، ئێستا بێ بەزەییانە سەرزەنشتی خۆم دەکەم، بۆچی پڕ بە دڵ ڕام نەمووسی؟ بۆچی پڕ بە دڵ نەوازشی پرچە بریقەدارەکەی ژێر لەچکەکەیم نەکرد، تێر نیگای تەڕی چاوە شینەکانیم نەگرتە باوەشی گلێنەکانم، قەدەرێک، زارۆڵەی پەنجەکانیم لەناو لانکەی لەپەکانمدا ڕانەژەند.

دوورتر کەوتینەوە، دوورتر، بە نێو شاخ و کێوەکاندا، بەنێو تاشەبەرد و ڕەوەزەکاندا، بە ئاراستەیەکدا ڕێمان گرتبووە بەر ئێستا نازانم بە کوێی دەگەیاندین، وەلێ ئێمە تەنهاوتەنها بیرمان لای ئەو شوێنە بوو کە بە بێ ترس بە یەکدی دەگەیاندین، ئەوەیش بۆ ئێمە بەس بوو تا تۆزە شادییەک بەسەر دنیاکەماندا بوەرێنێت، بەڵام هێندەی نەخایاند، خرمە خرمی ناڵ گەیشتە گوێچکەمان، پڕمە و لووشکە لووشکی ئەسپە ڕەسەنەکانی بەکراغا کەوڵی سیخناخ کردین لە ترس و دڵەخورپە! هێندەی نەبرد مەغدیدە پیاوکوژ هاواری خۆبەدەستەوەدانی بەرهەڵدا کرد، کە دەنگ لە ئێمەوە نەهات، شیقڤنی گولله هەموو لایەکی هەڵزڕاند..من لەبەر ئەوەی عەشق کەللەی تەزاندبووم، بەر پشتێنم بەتاڵ بوو، بۆیە خۆمان خستە پەنای تاشەبەردەکان، بەڵام ئەوان سێ چەکدار بوون، گوللەیش وەک برێشکە تەقەتەقی بوو، سەرەنجام.. ئەمااان.. ئەو برینێک زنەی خوێنی لەسەر سنگی ئاوەڵاکردەوە، نەمدەزانی چی بکەم، چاوەکانم لێڵاییان ڕشت، برستم لەکەمی دا، بە زۆرەملێ هەڵم گرت، لەم بن بەرد بۆ ئەو پەنا تاش، گوللەکانیش تەنها یەک ڕێگایان گرتبوو، تەنها بە ئاراستەی ئێمە دەهاتن و تا دەهات نزیکتر دەبوونەوە. خۆمان لەپاڵ کەرتە شاخێک مەڵاس دا، ئەو گوتی: لێرە دامنێ، زۆر سەرمامە، من چیدی ناتوانم داکۆکی لە ژیانی خۆم بکەم و بەرگەبگرم. مادامەکێ تۆ زاتی ئەوەت کرد هەڵم بگریت، من ئاسوودەم، ئیدی تۆ بڕۆ، من لە هەر کوێیەک بم چاوەڕوان

دەبم بێیتە لام. من لە جێی خۆم نەبزوام. ئەو سەرلەنوێ بە نووزە قسەکەی دووبارەکردەوە و گوتی: ئەگەر خۆشت دەویم..برۆبرۆۆۆ..بە چاوی لێڵەوە تەماشام کرد، دیسان هیچم نەوت، تەنها ناوچەوانیم ماچ کرد و دیسانەوە گوێم بە وشەی برۆ سیخناخ بوو..نازانم چۆن جورئەتی ئەوەم پەیدا کرد رابکەم، بەڵام ئەوەی کە هەستم پێ کرد ئەوە بوو هەر لەگەڵ راکردنمدا، ژیان ئاودامان کراسی لمی پۆشی و لە تەواوی ئۆقیانوسە شینە شینەکەی گەردووندا نە تریفە ما، نە جریوەی ئەستێرە ما، نە چۆلەکە و باڵندەکان مان، نە هەتاو توانی لەوە زیاتر خۆی بە تەوێڵی شینایییەکانەوە رابگرێت، هەر هەموو کەوتنە خوارەوە، بەیەکجاریی کەوتنە خوارەوە و ئاوابوونێکی ئەبەدیی ژیانمی داگرتەوە و دڵ، دڵ بوو بە کەمۆڵەیەک مەرەکەب، مەرەکەب بۆ نووسینی کەفوکوڵ و جۆشوخرۆشەکانی ئەو عەشقەی بێزوو بە مردنەوە دەکات. بەڵێ، ئەو رستەیە دەسخەرۆی کردم و دوورکەوتمەوە، دوورکەوتمەوە، دوور کەوتمەوە.. دواجار کە تێفکریم، کە تێفکریم، وتم چۆن بەجێم هێشت؟ ئەو بۆچی مانەوەی بۆ من هەڵبژارد؟ ئەو بۆ نەیویست پێکەوە ببینە رێبواری ئەو رێگایەی کە ئەوانەی دەستبەرداری هەڵکردن دەبن دەیگرنەبەر؟ بۆ؟

"ئەگەر خۆشت دەویم.. برۆ برۆۆۆۆۆ..."

بە بێ ئەوەی لەو هەست و سۆزە دابرێم کە گیرۆدەی تامێکی کوژاڵکی کردبووم، رۆیشتم.. ئەو سەرهەڵگرتنەی هەڵم گرت، تا ئەم ساتەوەختە درێژەی هەیە، ئاخۆ ئەو نەیدەزانی ژیانی من بە بێ ئەو هەر تەنها مردنێک نییە، بەڵکو مردنێکی بەردەوام و بەردەوامە و کۆتایی رەت دەکاتەوە. ئەم هەموو وەختە ژیاوم، بەڵام ژیانی چی؟ ئاوا هەمیشە لەبەردەم کۆگاکاندا وەستاوم، دەستم بۆ گیرفانی چاکەتی ناو جامخانەکان بردووە و نامە بەردەوامەکانیم دەرهێناوە، ئەو نامانەی تەنها یەک رستەی کورتیان تێدا دووبارە دەبێتەوە، ئەویش رستەی: وەرە بۆ لامممم.. وەرە بۆ لامممممم.

ئەمااااان لە دەردی دووریییییییی..ئەمااااان لە دەردی دوورییییییی..

ئێستا لێرە، لەبەردەم ئەم کۆگایەدا راوەستاوم، دەستم بۆ گیرفانی چەپی چاکەتێکی گرنج گرنج هەڵپە دەکات، نامەکە لە چاوەکانم نزیک دەخاتەوە، دوای خوێندنەوەی خەونی دوێ شەوم لە لادا بەرجەستە دەبێت، هەر ئەم دیمەنەی ئێستایە، ئەفسوونێک تۆزێکی سپی و کاریگەری وەک تریفە، یانێخۆ وەک تۆزی ناوقەدی ئەستێرەکان بەسەر هەموو شتێکدا دەوەرێنێ، قەدەرێک پاش خوێندنەوەی نامەجفرەدارەکە، وەک دارێکی وشک لەو گۆرە دەچەقم، لە کۆگاکەوە یەکێک دێتە دەرەوە، نیگایەکی لاقرتێ ئامێزم تێ دەگرێت، روخساری جیاکار ناکەم، بەڵام کتومت ئەوە، مەغدیدە، پیاوکوژەکەی بەکراغایە، ئەو مەغدیدەی کە تاقە ئومێدی من بوو بۆ گەیشتن بەو! لێم نزیک دەبێتەوە، دەمانچەکەی رادەوەشێنێ، بە گوێمدا دەچرپێنێ و دەڵێ: خەمت نەبێ هەر دەگەیتە ئەو، بەڵام بە گوللەی من نا، چونکە من قێزم لە بوونەوەرە ترسنۆکەکان دێتەوە و نامەوێ هەرگیز دەستم بە خوێنی ئەوانە گلاو بێت کە دڵدارەکانیان خەڵتانی خوێن بەجێ دەهێڵن و هەڵدێن.

ئیدی خەیاڵم نائومێدانە لە خەونەکە دادەبڕێ و وشەکانی ناو نامەکە لێک هەڵدەوەشێنەوە و ئەمااااان لە دەردی دووریییی.. سەرلەنوێ هەزاران کەندری وشک و برینگ لە قورگمدا هەڵدەدرێ و دەگاتە کەشکەڵانی ئەو ئۆقیانووسەی شینە وەک چاوەکانی ئەو.

**بەفرانباری ٢٠١٦: هەولێر**